# زمان و مانا لەپەندەکانی پیرەمێرد دا


**پ. ی. د. لوقمان ڕەئوف**

بەشی کارگێڕی کار- پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان- سلێمانی، هەرێمی کوردستان/ عیراق

**م. ی. هاشم ئەمین خدر**

بەشی نەوت- پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان، سلێمانی- هەرێمی کوردستان/ عیراق



**پوختە:**

پەند یەکێکە لە تێکستە فۆلکلۆرییەکانی هەموو میللەتێک، خودی بە فۆلکلۆربوونی پەند بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژیان لەناو پەندەکاندا، خودی ناو و پەیام و ماناکانیش بریتین لە ڕەنگدانەوەی ئەزموون و گێڕانەوەی کات بۆ لێکدەرەوەی ئەو کەسەی لە ماناکانیان دەگات.

زمان لە پەنددا زمانێکە جیاواز لە زمانی شیعریی، چونکە زمانی پەند ڕەنگدانەوەی زمانی کۆمەڵگەو سەردەمەکەی خۆیەتی و دەلالەت لە ئاست و ئەزموون و گەشەی کۆمەڵگە دەکات، ماناکانیش بریتین لە گوڵاوی ئەزموونی گەلێک بە درێژایی مێژوو.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کارکردنە لەسەر ماناو زمان لە پەندەکانی پیرەمێرد، لەلایەکەوە بە مەبەستی لێکدانەوەی ماناکان و ڕەنگدانەوەی پەندەکان، لەلایەکی تریشەوە دیاریکردنی کارنامەو زمان و ئاستی مانایی پەند، ڕەنگدانەوەی لە تێکستی پەندەکانی پیرەمێرد دا.



**پەیڤێن سەرەکی:** *پەند، مانە، کارنامە، کارلێك، دەق*


## پێشەکی:

بەپێی ئەو مێژووەی کە لەبوارە جیاوازەکاندا خراوەتەڕوو، گەلانی وڵاتانی وەك ئەڵمانیا، فەرەنسا....تاد، خاوەنی فەلسەفە بوون، ئایا گەلی کورد خاوەن فەیلەسوف و فەلسەفەی تایبەت بەخۆیان بوون یان نا؟ ئەگەر جیاکردنەوەی فەیلەسوف کارێکی ئاسان نەبێت و بڕیارێکی وردی بوێت، دەکرێت لەناو ئەم کارو بڕیارەشدا، چەند فەیلەسوفێك دەستنیشان بکرێت، بەڵام ئەگەر لەناو کلتوری کوردا بەدوای فەلسەفەدا بگەڕێین، بۆ ئەوەی بزانین کوردیش خاوەن فەلسەفەی خۆی بووە، یان نا، ئەوا پەندی کوردی لە خۆگری




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چەندین فەلسەفەی جیاواز و بەهێزە کە بریتییە لە ئامۆژگاری، یان ڕاستی گشتی، یان سەرنج و ئەزموون لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسی ....تاد.

لەڕاستیدا پەندو کلتوری نەتەوەیەك، وەک ڕەگەزێکی بەهێزی شوناسی نیشتیمانی و بنەمایەکی گرنگی یەکێتی گەل و پێکەوەییان سەیردەکرێت، چونکە لەگەڵ بوونی گەلەکەدا ئەم پەندانە بوونیان هەبووە و باس لە ئەزموونەکان دەکەن، وەك قوتابخانەی پێگەیاندن، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکیان وەك پەیامێکی زمانی ڕوون بەکاردێنن و خودی بەکارهێنانەکەشی، پێویستی بە هیچ ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەیەك نییە، هەندێکیشیان وەك پەیامێکی ئاماژەو نیشانەن و پێویستیان بە لێکدانەوەی مانایی هەیە بۆ کردنەوەی نیشانەکان (د. ربیعه برباق، تداولیه المثل الشعبی، مجله رفوف، المجلد التاسع، عدد لثالث، ٢٠١٩، ص١٠٠).

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

- دیاریکردن و ناساندنی زمان لە پەندی کوردیدا
- خستنەڕووی تایبەتمەندی و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر خوێنەر
- ئەو مانایەی پەندەکان دەیگەیەنن، هەڵگری مانای وشەکانە یان ئەزموونەکەیە؟
- مانای پەند، ناسنامە و شونای سەردەمەکەی خۆیەتی یان نا؟

**بەشی یەکەم: چەمک و پێناسەی پەند:**

پەند بەگشتی بنچینەکەی چیرۆکە، واتە ئەو هەڵوێستە سەرەکییەی بووەتە هۆی هاتنەئارای پەندەکە، چیرۆکێک، یان ڕوداوێک بووە، بەهۆی جیاوازی کاتەکان و جۆری دەربڕینەکان و نوسینەکان و توانستەکان وایکردووە لەم قاڵبەدا دەربکەوێت، بەوپێیەی پەندەکان هونەری خستنەڕوون و خواستەکان لە عەقڵەکان نزیکدەکاتەوە، ماناکان لە دەروندا جێگیر دەکات، نارەسەنەکان لە ڕاستییەکان لادەبات، (اجداد سید اسماعیل حسینی، مکان المثال في الادب العربی، السنه الثالثه، العدد التاسع، ص٢٦.

د.عزەدین مستەفا رەسوڵ دەڵێت" پەند بریتییە لە بەرهەمێکی زۆرکۆنی خەڵک، ئەم پەندە هەمیشە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە، فەلسەفەی ڕاستەقینەو لەکارو رەوشت و خووە) (د.عزەدین مستەفا رەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، ١٩٧٠، ل٧٨)، لەگەڵ ئەوەشدا پەند لە زماندا بە بەشتێک دەوترێت کە هەڵگری مانایەکی تر بێت لەوەی دەردەبڕرێت، راغب الاصفهانی دەڵێت"پەند بریتییە لە لێکچوواندنێکی ماناداری تر" (راغب الاصفهانی، د. ت، المفردات فی غریب القرانمکتب مصطفی، ماده (مثل)

یاخودلە زمانی کوردیدا "پەندی پێشینان بە وتەیەك دەڵێن، کە بە چەشنی سەمبولێك و جاری واش هەیە، بە چەشنە نەزمێکی وەك شیعر، مانایەك دەگەیەنێت و پەند و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئامۆژگاریەك دەكات" (ح.س. سۆران، زمان، وێژە و فۆلكلۆری كوردی، ئێلێكترۆنیك، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٣٦).

فارابی دەڵێت: "پەند ئەوەیە كە هەمووان لێی ڕازین، بە تایبەتی لە دەربڕین و مانادا" جلال الدين السيوطى، د.ت، المزهر فى علوم اللغه وانواعها، دار الكتب الاسلاميه، الجزء الاول، ص٤٨٨) هەرلەبەرئەمەشە پەندەكان ناگۆڕێن، چۆن هاتوون هەروا دەڕۆن و بەردەوام دەبن، مرۆڤەكان وەك ئەوەی هەن و مانا دەگەیەنن بەكاریدەهێنن، نەك چۆن بمانەوێت بەكاریانبهێنین، بۆیە پەندەكان لەسەر بنەمای چەند شتێك بونیادنراون:

١. لەسەر بنەمای ڕووداوەكان بونیادنراون.
٢. حیكمەتێكن وەك بەڵێن، یان بەهێزی وەك ماناكانیان.

پەند یەكێكە لە ڕاستگۆترین ئەو شتانەی كە باس لەئاكار و بیركردنەوەو عەقڵی گەلێك دەكات، لەگەڵ ئەمەشدا ڕوانین و وێنەو هەستی ژیانی كۆمەڵایەتی، سیاسی، زمانەوانی و....تاد دەخاتەڕوو. لە پەندا چوار شت كۆدەبنەوە كە لەشتەكانی تردا كۆنابنەوە، هەربۆیە لەپەندا (بەرزی و كوالێتی نوسین كە لوتكەی ڕەوانبێژیدایە، لێكچوواندنێكی باش، مانای بریندار، هێزی قسەلەدەربڕیندا). (د.محمد عبد المنعم خفاجي، الشعر الجاهلي، دار الكتاب،١٩٨٦، ص ١٤٥.) هەرلەبەرئەمەشەكە پەند وشەیەكی بەپێزی بەناوبانگە لەسەر كارێك بە زمانێكی كاریگەر.

پەند بریتییە لەو زانیاریانەی كە مرۆڤەكان لە ئەنجامی ئەزموونكردنی شتەكان و ڕەنگدانەوەی ئەزموونەكان سەریانهەڵداوە، بە مانایاكی تر بریتییە لە ئەزموون و وێنای ڕاستگۆیی مرۆڤ بۆ واقع و ڕوانین لە كردارەكان، ئامانجیش لە خودی پەند ئامۆژگاریكردن و ڕێنوێنیكردنی خەڵكییە بە گشتی، هەروەها خستنەڕووی ئەزموونی تاكە، بەمەبەستی ناساندن و ئەزموون پەیداكردنی ئەوانی تر، جگە لەمەش هۆكارێكی ناساندن و بەرچاو ڕوونییە بۆ خەڵكی، یان پەند پێش ئەوەی ببێتە دەقێكی نوسراو، قسەیەكی زارەكی وتراوە و لە ساتێكی مێژوویی گەلەكەدا دروستبووە، بێ ئەوەی ئەوەی دەیڵێیت بزانێت موڵكی هەمووانە، نەك هی تاكێكی دیاریكراو.

دارسو دەڵێت (پەند وتەیەكی فێركارییە و خاوەن كوالێتییەكی باش و شێوازە) (فوزي العنتيل، بين الفولكلور والثقافة الشعبية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٨، ص٣١١) لەراستیشداو لەبنچینەدا یەكێك لە كارە گرنگەكانی پەند، ئەم كارنامانەبووە، بۆیە پەند لە مێژووی ژیانی كوردا و لەڕووی كاریگەریی و جێكەوتەوە، مێژووەكەی پرشنگدارە، چونكە لە لایەك ڕۆڵی مامۆستا و ڕابەر و ڕێنیشاندەری بینیوە، لەلایەك وەك بڕیاری دادوەر كاریگەری لەسەر دیاریكردنی سنورەكان هەبووە، ئەمە چ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

وەک گەورە، چ وەک پەروەردەی منداڵان، جگە لەمەش ئەم ڕۆڵەی کەم تا زۆر و بەپێی شوێن و کارەکە دوبارە ڕۆڵی خۆی تاوەکو ئێستا لەدەستنەداوە، چونکە مانای پەند وەک گەوهەر وایە و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیسەرەکەی دروستدەکات.

سەبارەت بە یەکەم بەرهەمی پەندی پیشینان، د.عزەدین مستەفا رەسوڵ دەڵێت"کۆنترین کۆمەڵەی کۆکراوە، ئەوەیە کە لەساڵی(١٩٣٣) ئیسماعیل حەقی شاوەیس بەناوی( قسەی پێشینان) کۆیکردونەتەوە"( د.عزەدین مستەفا رەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، ١٩٧٠، ل٧٧).

سەبارەت بە زاراوەی کارنامە (function) بەو ڕۆڵە دەوترێت کە هەموو ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی زنجیرەی ئاخاوتن دەیبینێت، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی بەڕەگەزە پێکهاتەییەکانی ترەوە هەیە) (د. عبدالقادر عبد الجلیل، علم اللسانیات الحدیثە، دار صفاء للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٢، ص٢٦)، لەناو ئەم کارنامانەشدا مەبەست لەو مانایانەیە کە خودی کارنامەکان دەیگەیەنن، بۆیە (چەمکی واتایی گەلێ وشەو دەربڕینەو پەیوەندیان بە دیاردەی دابو نەریتەوە هەیە، (لەڕوسییەوە: میدیا، سەرەتایەکی زمانناسی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٨٨، ل ١٧).

زمان بە مانا گشتیەکەی هۆیەکە بۆ لێکتێگەیشتن، بۆیە دەبێتە هۆکاری بەیەکەوەبەستنی کۆمەڵگەکان، هەم لەناو خۆیان، هەم لەگەڵ گەلانی تردا، بۆیە (زمان کەرەسەیەکی ئاخاوتنە و تاکەکان ڕۆڵی تایبەتی تیا دەبینن و بابەتەکانی پەروەردە و دەروونناسی و فەلسەفە ئاوێتە بەبن) (د. عبدالقادر محەمەد ئەمین، بنیاتی کارنامەیی لەدەقی نوێی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٧).

عبدالصبور شاهین دەڵێت"زمان ڕوویەکی تاک و ڕوویەکی کۆمەڵایەتی هەیە و هیچیان بێ ئەوی تریان نابێت" (د. عبدالقادر عبد الجلیلل، علم اللسانیات الحدیثە، دار صفاء للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٢، ص٢٦) هەرچی ڕۆمان یاکوبسنە دەڵێت"زمان تاکە شتە کە ناتوانرێت دابینبکرێت، چونکە کاتێک لەدایکدەبیت، خاوەنداریتی گشتی پێوەیەو تایبەت نییە" د. عبدالقادر عبد الجلیلل، علم اللسانیات الحدیثە، دار صفاء للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٢، ص٣٨) جگەلەمەش قسەکردنو نوسین لەسەر زمان بەگشتیو زمانی شیعریی بەتایبەتی، کارکردنە لەسەر ئەو پایە سەرەکییەی، کە لێیەوە شیعریی بەهێزو نوێ و داهێنەر، لەشیعری دیکە جیادەکرێتەوە، بەمەش گرانترین کار لەشیعردا ،پایەی زمانە، بۆیە شاعیری سەرکەوتوو، لەپێناو سەرخستنی کایە شیعریەکەی، هانا بۆ دروستکردنو بەدەستهێنانی ئەم زمانە بالایەی شیعری دەبات، تاوەکو لەم ڕێگەوە هەموو ئەو فۆرمو چەمکانەی کە دەیەوێن بیگەیەنێت، لە چوارچێوەی زمانەکەدا جێگەیان بکاتەوە"



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(لوقمان ڕەئوف، بنەماكانی مۆدێرنە لە شیعرەكانی شێركۆ بێكەسدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٩).

كروتشە پێیوایە "زمان لە بنچینەدا گوزارشتكردنە لە خود، یان ئامرازی دروستكردن و داهێنانە" (ناصف.و. مصطفى، النظريه المعنى فى النقد العربى، دار الاندلس، بيروت، لبنان، د.ط. pdf، ص١٤٥)، هەروەها د. محەمەدی مەحوی دەڵێت: (زمانی نوسینو زمانی ئاخاوتن، لەڕووی دروستەو پێكهاتەوە، جیاوازییان نییە، تەنیا لە فەرهەنگو گەنجی وشە و چۆنیەتی بەكارهێنانەكانیاندا جیاوازیان هەیە( د. محەمەدی مەحوی، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمارە (١)، ساڵی ٢٠٠٠، ل٢، هەروەها پۆل ڤالێری دەڵێت :( زمان لەئەدەبدا هەم كەرەستەو هەم كرۆكیشە) (غازى على، الصوره الشعريه فى الشعر الموريتانى، رسالە ماجستير، ٢٠٠٢، ص١٥).

ئەمەش لەگەڵ ڕای (ڕینیە ویلك) یەكدەگرێتەوە كە (پێداگری لەسەر هەموو كارنامەیەك (سەرچاوەیی، پراگماتیكی) دەمانباتە دەرەوەی سنوری دەق، تاوەكو بەهای دەق لەخودی خۆیدا بزانین). (سفيتان تودوروف، مفهوم الأدب ودراسات أخرى، ص١٤).

رایمۆند ویلیامز چوار مانا دەدات بەو ئەدەبانەی كە سەرچاوەكەیان گەلە، كە بریتین لە: (لای زۆربەی خەڵكی خۆشەویستن، چەندین جۆری ساكار لە كار، كارێك كە مەبەست لێی بۆ ڕاكێشانی خەڵكیە، ڕۆشنبیرییەك كە لەلایەن خودی خەڵكییەوە بۆ خۆیان دروستكراوە) (النقد والدلالة – نحو تحليل سيميائي للأدب، محمد عزام، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٦،ص٥٣)، واتە هەموو ئەوانەی كە گەل بەرهەمی دەهێنێت، پەندیش یەكێكە لەو بابەتانەی ئەدەب كە خاوەنەكەی گەلەیە و كە بۆ هەمان تایبەتمەندی و مەبەست بەرهەمیهێناوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەدەب بەدرێژایی مێژوو، خاوەن پێگەو ڕۆڵی خۆی بووە، هەرچەندە (ئەركی ئەدەب لە چەرخێكەوە بۆ چەرخێكی تر دەگۆڕێت، یان لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تری كۆمەڵایەتییەوە، بەم شێوەیەی ئەدەب بەشداری دەكات لە گۆڕینی حاڵەتێكی كۆمەڵایەتی بۆ حاڵەتێكی تر" (د. عبدالقادر محەمەد ئەمین، بنیاتی كارنامەیی لەدەقی نوێی كوردیدا، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل ٢٢).

تۆدۆرۆف دەڵێت: "هونەر جۆرێكە لە لاساییكردنەوە بەپێی كەرەستە بەكارهاتووەكە جیاوازی تێدەكەوێت، ئەدەب لاساییكردنەوەیە بە وشە، هەروەك وێنەگرتن لاساییكردنەوەیە بە وێنە، بەڵام تایبەتمەندی نەك شێوە لاساییكردنەوە، چونكە ئێمە واقعیەت لاسایی ناكەینەوە، بەڵكو لاسایی كائینەكان و كردەوەكان دەكەین كە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

بوونیان نییە، ئەدەب وێناکردنە " (سفیتان تودوروف، مفهوم الأدب و دراسات أخرى، ترجمة: عبود کاسوحة، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٢، ص١٠).

(پەند پێکهاتەیەکە لە پێکهاتە ڕۆشنبیرییەکانی گەل و خاسیەتەکانی کۆمەڵگەو لەڕێگەیەوە دەتوانین خاسیەتەکانی کۆمەڵگە و داب و نەریتەکانیان دیاریبکەین، جگە لەمەش باشترین هۆکاری ڕێکخستن و پێوانەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییە، جگە لەمەش لەڕێگەیەوە تاک فێری بەها جیاوازەکان و کردارەکان دەبێت، بەمەش ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەدا)، (سوالمیه نوریه، دور الامثال الشعبیه فی التنشئه الاجتماعیه، مجله الناصریه للدراسات الاجتماعیه والتاریخیه، مجلد (٩)، دیسمبر ٢٠١٨، ص٢٨١.

(پیرەمێرد ئەم پەندانەی لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا بەردەوا بڵاوکردونەتەوە، هەمیشە ئەوەی ڕەچاوکردووە، کە پەندەکە لەگەڵ یەک بارودۆخدا بگونجێت) (سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، ل٥)، کەواتە لەگەڵ ئەوەی خودی پەندەکان بەمەبەستی پەروەردە و دروستکردنی ئەزموون و کارلێکردن وتراون، لەهەمانکاتیشدا پیرەمێرد ئەم پەندانەی بەپێی کات و پێداویستی بڵاوکردوونەتەوە، مەبەست لەمەش هەریەکە و بەپێی لێکدانەوە و ئاستی مەعریفەی خودی ماناکەی وەردەگرێتەوە، هەربۆیە (هەر پەندە و وێنەیەکی کاریکاتێری سەربەخۆیە) (سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، ل٥).

یەکەم پەندی پیرەمێرد لە ژمارە (٣٢٣)ی ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکراوەتەوە، دوا پەندیش لە ژمارە (٤٢٧) بڵاوکراوەتەوە، پاشان لە ژمارە (٤٢٨)ەوە لە ڕۆژنامەی (ژین) بڵاوکراونەتەوە تاوەکو دوا پەند" (سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، ل٥)
"گرنگی ئەم پەندانە لەوەدا دەردەکەوێت، کە پیرەمێرد (بە شیعرێکی سادە و ڕەوان قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و توانج و پلار لەهەموو کردارێکی نا لەبار دەخاتە پێش چاو) (سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، ل٦).

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پەند:**

بەگشتی کۆمەڵێک هۆکار بۆ سەرهەڵدانی پەند لە ناو هەر گەلێکداهەیە، کە بریتین لە:

١. نەخوێندەواری خەڵکی، بەشێوازێک پەندەکان لەڕووی ڕۆڵبینینەوە جێگەی ئامۆژگارییەکان دەگرنەوە.
٢. ئەزموونی کەسەکانە، بۆئەوەی ئەزموون بۆ کەسەکانی تر بەخێرایی دروستبکات، یان کەموکورییەکانیان پێبناسێنێت.
٣. نەبوونی سەرچاوەی ڕۆشنبیری و پێگەیاندن (خوێندنگە) شوێنە جیاوازەکان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤. وەک بەڵگە و ئەزموون ڕۆڵ دەگێڕێت بۆ کەسەکان.

٥. پڕکردنەوەی بۆشایی مەعریفی، چونکە هەمووان خاوەنین.

٦. وەک گێڕانەوەو چیرۆک بەکارهاتوون.

**تایبەتمەندییەکانی پەند:**

بەشێوەیەکی گشتی پەند خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە لەوانە:

١. وشەی سادە و مانای ئاسان، بەو مانایەی هەمووان لە توانایاندا هەیە بیخوێننەوە و لێیتێبگەن.

٢. بوونی لێکچواندنی مانایی و خواستنەکان بەزمانە باوەکە.

٣. بەکارهێنانی نیشانە ڕەوانبێژییەکان بەشێوەیەکی ئاسان.

٤. بەکارهێنانی وشەی کوردی و پەتی جوان.

٥. ڕەچاوکردنی سەروای ئاسان و کاریگەر.

٦. خوێندنەوەی ناو پەندەکان، ڕاستی مرۆییە.

٧. کەس خاوەنی نییە، لە کاتێکدا هەمووان خاوەنین، چونکە ڕەنگدانەوەی ناخی هەمووانە.

٨. ڕاستگۆیی لە وتن و مەبەستدا.

فەلسەفەی کۆکردنەوەی پەندەکان لەڕوانگەی پیرەمێردەوە

فەلسەفەی کۆکردنەوەی پەندەکان لەلایەن پیرەمێردەوە، بەرپرسیارێتییەکی ئاکاری و مرۆییە، چونکە لەم سۆنگەیەوە کاریکردووە و دەرئەنجامەکەشی هەرهەمان شتە، بۆیە کۆی ڕوانینی پیرەمێرد لەسەر کرداری کۆکردنەوەی پەندەکان، بریتییە لە:

١. پیرەمێرد مەبەستی نەبووە لەڕوانگەی بیرەوە کورد بەهێزبکات، ئەوەندەی مەبەستی بووە لەڕوانگەی پەروەردەیی و ئاکارییەوە گۆڕانکاری دروستبکات لە تاکەکان و دواجار کۆمەڵگە.

٢. ئەم داواکارییەش پەیوەستە بە شیعری پیرەمێرد خۆیەوە، هەربۆیە وشەو کرداری یەک شتبووە و هەرگیز پێچەوانەی هەڵوێستەکانی کاری نەکردووە.

٣. پیرەمێرد دەیویست تاکەکان فێری بەرزی دەرون و کەرامەتیان بکات، لەپێناو مانەوەی تاک بەسەربەخۆیی و سەروەری.

٤. هەموو مرۆڤێک کارو کردەوەکانی ڕەنگدانەوەی خۆین، بۆیە دواجار مرۆڤ بۆ ئەو شتە بژی، دەتوانێت بیکات.

٥. چاککردنەوەو پەروەردەکردن لە قۆناغی لاویدایە، بۆیە پەندەکان زیاتر بۆ لاوانە لەپێناو ئاشنابوون بە ئەزموونەکان و بەدەستهێنانی کات و ئەزموونی نوێتر.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٦. دروستكردنی گۆڕانكاری له مرۆڤدا، بۆئەوەی لەسەر یەک ڕێچكە نەمێننەوە.

٧. فێركردنی ئاكاری ڕاست بە خەڵكی.

٨. ناساندنی بەهای ڕاستی و گەورەیی شتەكان.

لەم سۆنگەوە لەناو كورددا پەند بۆ گەلێک مەبەست بەكارهاتووە لەوانە:

١. پاككردنەوەی دڵ و دەروونەكان.

٢. پەروەردەو فێركردن.

٣. دروستكردن و پێگەیاندن

٤. بەدەستخستنی ئەزموون و زانیاری

٥. گۆڕانكاریكردن له ماوەیەكی كەمدا

هۆكارەكانی بەكارهێنانی پەندی پێشینان

ئەو كەسانەی كە ناچاردەبن یان هەر كاتێك هانا دەبەن بۆ بەكارهێنانی پەند، لەبەر یەكێك لەو ڕەگەزانەی خوارەوەیە:

١. ڕەگەزی پرۆسەی دواندن :ئەگەرچی پەندی كوردی لەكرۆكیدا گوتارێكی ئاڕاستەكراو نییە بۆ بەرامبەر، بەڵكو لەئەنجامی هەڵسەنگاندن سەرهەڵدان، پاشان ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت، بەڵام له گوتار و لێكۆڵینەوەی زمانەوانیدا هەموو دەربڕاوێك پێویستی بە قسەكەرێک و بیسەرێك هەیە، یەكەمیش بەمەبەستی كاریگەری دروستكردنه لەسەر دووەم، ئیدی بەهەر ڕێگەیەك بێت. (جان سيرفوني، المفوظية، ت: قاسم المقداد، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٨ ،ص٤٩)، چونكه له هەموو دەربڕاوێك بۆ ئاڕاستە كراوێكە، بەمەبەستی تێگەیاندن لەمەبەستێكی تایبەتدا.( طة عبد الرحمن، المسان والميزان أو التكوثر العقمي، طبعة١، المركز الثقافي الوبي،الدار البيضاء، ١٩٩٨،ص.٢١٥) كەواتە لەم ڕەگەزدا پێویستە دولایەن هەبن و مەبەستیش مانا دیاریكراوەكەیە، گوێگریش هەوڵدەدات ئەم پەیامە وەك خۆی وەرگرێت و لێیتێبگات.

٢. پەند و یاسای گوتار: پاوڵ گرایس (PaulGrice) یەكێكە لەو لێكۆڵەرەوانەی گرنگی بە دەوڵەمەندكردنی وانەی ئاڵوگۆڕ داوە، بەوەی چەمكی پەیوەستبوونی دیالۆگی لەدەربڕاوەكاندا، كار لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتننی مانای كرۆكی مەبەستدار دەكات له لایەن گوێگرەوە" (جاك موشالر وآن ريبول، القاموس الموسوعي لمتداولية، مجموعة من الباحثين من الجامعات التونسية، ط٢ ،تونس، دار سيناترا، ٢٠١٠، ص ٢١١.) ئەمەش بۆ ئەوەبوو، كە هەموو پەیامێك لەڕێڕەوێكی گوتاریدا بمێنێتەوەو كار لەسەر پرەنسیپی یاسایی بكرێت، دوابەدوای ئەمەش عیاشی"



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

پرنسیپی هاوكاری پێشنیاركرد كە كار لەسەر گریمانەی هاوكاری پێشوەخت دەكات لە نێوان گوێگر و قسەكەردا، لەپێناو هێنانەدی ئامانجی ئەو دیالۆگەی كە دەیكەین) (العیاشي إدراوي، الاستلزام الحواري في التداول اللساني، ط١، الجزائر، منشورات االختالف، ٢٠١١، ص٩٧)

ئەمەش بە بەكارهێنانی بەڵگەیەك كە پشت بەیاسای زمانی و لۆژیك نەبەستێت، بەڵكو ئەمانە تێدەپەڕێنین بۆ ڕەهەندی بیری و كۆمەڵایەتی و دەرونی كە كۆنتێكستەكە دەیخاتەڕوو، ئەم پرنسیپەش یاسای كۆنترۆڵكردنی پرۆسەی گوتاری كردە چەند لقێكەوە:

٣. یاسای چەندی: بەومانایەی دەقەكە ڕێژەیەك لە زانیاری ڕاستی پێببەخشە، یان ئەوەی پێویستییەتی پێیببەخشە، نە كەم، نە زیاد.
٤. یاسای چۆن: ئەوەی دەیبەخشی تەواو ڕاست بێت، هەروەها شیاوی پلە و پایەكەت بێت.
٥. یاسای چۆنیەتی: لە ئاڵۆزی دوربكەوەو بەجوانی ڕێكی بیگەیەنە. (العیاشي إدراوي، ٢٠١١ ،االستمزام الحواري في التداول المساني، ط١ ،الجزائر، منشورات االختالف، ص٩٧)

**ئەدەبی فۆلكلۆر:**

یەكەمین كەس كە وشەی فۆلكلۆری بەكارهێنابێت (ولیەم تومز)ی ئینگلیزی بوو، كە پێكهاتووە لە وشەی (Folk) واتە گشتی یان گەل دێت، وشەی (Lore) بەواتای مەعریفە، زانیاری، بۆیە بریتییە لەسەرجەم كارو چالاكی خەڵكی هەر لە بیروباوەڕ، ئەفسانە... تاد) (نبیل علقم، مدخل لدراسة الفلكلور، البیرة، منشورات جمعیة إنعاش الأسرة، الطبعة الثالثة ،١٩٩٣، ص٥٧).

هەندێكی تر پێیانوایە یەكەم كەس وشەی (فۆلكلۆر)ی بەكارهێنابێت (جۆن تومز) بوو لە ساڵی (١٨٤٦) بۆ گوزارشتكردن لە لقێكی نوێ لە لێكۆڵینەوەی زانستی ئەنسرۆپۆلۆژی (محمود ذهنی، الادب الشعبی العربی، مطبوعات جامع القاهره، الخرطوم، السودان، ١٩٧٢: ص٢٧).

لە فەرهەنگی فەرەنسیدا "فۆلكلۆر بە مانای زانستی گشتیە و بە چەشنە هۆنراوە، پەخشان چیرۆك، گۆرانی و شتی لەم بارە دەڵێین، كە نازانین نوسەر یا وێژەرەكەی كێیە"(ح.س.سۆران، زمان، وێژە و فۆلكلۆری كوردی، ئێلێكترۆنیك، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٢١) هەروەها ئەلفردنت لە فەرهەنگی (زاراوەی ئەنسترۆپۆلۆژی و فۆلكلۆرییەكان)دا پێناسەی فۆلكلۆری كردووە كە ((ئەنسترۆپۆلۆژیایە و پەیوەستە بە مرۆڤی سەرەتاییەوە، كۆمەڵێك



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

زانیاری و كارامەیی و هونەر...تاد مرۆڤە لەرێگەی هەستەكانییەوە))(أحمد رشدي صالح، الفنون الشعبية، القاهرة. وزارة الثقافة والإرشاد القومي طبعة ١٩٦١،ص٥٤).

د. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت" فۆلكلۆر ئەو بەرهەمە خولقێنەرەیە كە دەماودەم و پشتاوپشت كوڕ لە باوك و منداڵ لەدایكەوە دەیبیستێ و دەمێنێتەوە"(د.عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، ل٨) لەڕاستیدا لەپەندی پێشیناندا ئەم جیاكارییە نییەو بەگشتی لەدایك و باوك و كەسانی دەوروبەرەوە وەرگیراون، هەرچی سەدرەدین نورەدینە دەڵێت" فۆلكلۆر بەشێكی كلتوری میللەتە كە زارەكین"(سەدرەدین نورەدین، كۆكردنەوەو ئامادەكردن، بەركوتێكی مەتەڵی فۆلكلۆری كوردی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠٠)، هەروەها د.محمد حسین دەڵێت "فۆلكلۆر وشەیەكە بۆ یەكەمجار لە ئەوروپا و لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم سەریهەڵداوە، گوزارشت لەو كارانە دەكات، كە باس لە داب ونەریت و ئەفسانە، بیروباوەڕ...تاد گەلەكان دەكات" (محمد حسين، الاسلام والحظاره العربيه، دار فرقان،٢٠٠٨، ص٢٧١).

لەسەدەی نۆزدەدا دوو هۆكاری بەهێز هەبوون بەرەو دانانی زانستی فۆلكلۆر، كە بریتین لە:

أ. بزوتنەوە نەتەوەییە ئەوروپییەكان: گرنگدان بە فۆلكلۆر هاوكات گرنگیدانە بە بزوتنەوە نەتەوەییەكان و شوناسی نەتەوەیی.
ب. بزوتنەوەی ڕۆمانسی: بەمەبەستی دەرچوون لە دەسەڵاتی كلاسیكی گەڕانەوە بۆ ئەدەبی زارەكی و ئەدەبی لادێ و گەل (صالح، أحمد رشدي، الفنون الشعبية، القاهرة. وزارة الثقافة والإرشاد القومي طبعة ١٩٦١).

هەربۆیە ئەدەب بە گشتی ڕۆڵێكی گرنگی لە ژیانی گەلاندا هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندی ڕۆشنبیری و مرۆیی ...تاد لەنێوان گەلاندا دروستدەكات، مێژووی ئەدەبیش ئەم ڕاستییەی سەلماندووە، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە كە ئەدەب ئاوێنەی ژیانی كۆمەڵگەكانە، سەرچاوەی ئەوەش واقع و ژیانە، هۆكارەكانیش زانینی نهێنییەكانی ژیانە.

تایبەتمەندی پەندی كوردی.

ئەگەرچی بەگشتی هەندێك لە تایبەتمەندییەكان تایبەتن بە ڕوخسار و هەندێكی تریش پەیوەندی نییە بە ڕوخسارەوە، بەڵكو پەیوەندی بە خوێندنەوەو خستنەڕووی خوێنەرەكەوە هەیە، هەموو ئەمانەش پەیوەندی بە هەڵێنجانی ماناكەیەوە هەیە، بۆیە پەندیش دەبەستێت بە خستنەڕووی پەندەكە، واتە كاتێك كەسێك لە قسەكردندا بەكاریدەهێنێت، دەبێت ئاگاداری چۆنیەتی وتنەكەی بێت، یاخود لە نوسیندا ئاگاداری چۆنیەتی ناساندن و لێكدانەوەكەی بیت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جگە لەمەش كورتكردنەوەی وشە بە شێوازێک، وشەی تر بە ئاسانی ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە، گوزارشتكردن لەدابو نەریتی هەموو گەل بە تەواوی جیاوازییەکانییەوە، خاوەن ڕیتم و مۆسیقای خۆیەتی، بەكارهێنانی جۆرو شێواز و ڕەوانبێژی و ڕەگەزەكان، توانای مانەوە و دوان لەگەڵ سەردەمە جیاوازەكان، هەرچەند ژیان پێشكەوێت و گۆڕانكاری بەسەردابێت، دەستە جەمعییە، لەهەمانكاتدا وەك تاك و خودی وایە، زمانی، زمانێكی سادە و جیاواز و بەشداری هەمووانە، باس لە واقیعی ژیان دەكات، هەڵێنجراوی ئەزموونی ژیانە.

لەگەڵ ئەوەی پەند پشتدەبەستێت بە هونەرە ڕەوانبێژییەكان و زانستی سیمیۆلۆژیا، چونكە كەم وتراوی و بەڵگاوییە، واتە دالێكی بچوكە بۆ مەدلول مانایەكی مەبەستدار، بەمانایەكی تر هیچ پەندێك بەبێ مەبەستێكی مانادار و مەبەستدار نەوتراوە، كەوایە هەموو پەندەكان بارگاوی و مەبەستدارن، ((دەق لە هەموو جۆر و پلەكانیدا بە مەبەستەوە دەنوسرێت، ئەم مەبەستەش مانا و مەدلولێكی نابێت مەگەر لە كۆنتێكستی دەقدا نەبێت، كە هەڵگری گوتاری قسەكەوە)) (د. علی احمد محمود العبیدی، من مستویات الدلاله اللغویه فی المثل الشعبی الموصلی، مجله و دراسات موصلیه، العدد الرابع العشر، الشوال ١٤٢٧ه، تشرین الثانی ٢٠٠٦، ص٣٩).




مەبەست لەوەی كە هەر وشەیەك لەناو پەندا دەبێت ببێتە نیشانە، یان هێمایەك و لەڕێگەی ئاماژە و بیرە هەڵگرەكەیەوە، ماناو تێگەیشتنی مەبەستدار لای بەرامبەر دروستدەكات، كە بەتەواوی جیاوازە لەڕستە نوسراوەكە، واتە پەندە نوسراوەكە لەگەڵ ماناكانی جیاوازن.

لەڕوانگەی ماناوە دوو ڕوانین هەیە: یەكەمیان ڕستە ڕەگەزێكی سەرەكی مانایە، چونكە ئاستی پێكهاتن دەخاتەڕوو، هەروەها بریتییە لە ئاستی گشتی كە كۆنتێكستی

دەقەکە پێکدەهێنێت و هەڵێنجان و دژ و...تاد، تێدا وەردەگرین. دووەم لەسەر ئاستی وشە، ئاستێکی لاوەکی و بەشی ئاستی یەکەم پێکدەهێنێت) (محمد عزام، النقد والدلالة – نحو تحليل سيميائي للأدب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق،١٩٩٦، ص٥٣).

پەند وەک دەق وایە، بۆیە ئەمیش وەک دەق دابەشدەبێت بەسەر جۆر و پلەدا وەک:

١. دەق هەیە گوتارەکەی لەسەر چەند رستەیەک وەستاوە.
٢. دەق هەیە گوتارەکەی لەسەر چەند دەستەواژەیەک وەستاوە.
٣. دەق هەیە گوتارەکەی لەسەر جەند وشەیەک وەستاوە.

ئەمەش بۆ ئەوەیە بگەینە جۆرێك لە پەیوەندی، یان خاڵی دەرچوون لە قسەی زارەکی بۆ وتەی نوسراو، هەرچەندە تۆدۆرۆف دەڵێت (هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکان ،لە حاڵەتی نوسینیدا وەك ئەوەی کە لە کاتی وتنیدا دەرکەوێت، دەرناکەوێتەوە، دەقی نوسراو بەتایبەتی چاپکراو، هیچ زانیارییەکمان لەسەر نوسەری نائامادە ناداتێ لەسەردەمی خوێندنەوەدا) (تودوروف، الأدب والدلالة: ترجمة : د. محمد نديم خشفة، مركز الإنماء الحضاري، حلب ،ط١،١٩٩٦،ص٦٧).

لەم سۆنگەوە هەموو پەندێك خۆی لە خۆیدا ڕستەیەکی ئامازەیی و نیشانەیەکی یاخود ڕەوانبێژی کورتە، واتە بەتەواوی دادەخرێت و خاوەن سروشتێکی پەروەردەییەو فێرکارییە، چونکە سەرچاوەکەی ئەزموونێکە لە ئەزموونە ڕۆژانەییەکان، یان پێداویستی و کارەکانی کۆمەڵگەکە، هەربۆیە پەند گوزارشت لە واقیع ناکات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەڵکو لە ڕێگەی وێنەو چیرۆکەوە دەیخاتەڕوو، بۆیە هەموو پەندێك لەڕستەکەیدا ئامازە بەمانایەکی دورتر دەکات، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، هیچ پەندێک بەبێ بنەما و ڕووداو و شکستێک دروستنەبووە، بۆیە پەند بەڵگەنامە و گرێبەستێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە.

هەرچەندە لە مرۆڤدا دژایەتی و جیاوازی لێکدانەوە لەمانای پەندەکاندا دێتە ئاراوە، لەڕاستیدا ئەوەی هەیە هەڵەو دژیەتی خودی پەندەکە نییە، بەڵکو:

١- جۆری لێکدانەوەو حاڵەتی دەرونی مرۆڤەکە و چین و ژینگەکە ڕۆڵ دەبینێت.
٢- ئەوەی کە پێیوایە پەندەکە هەڵەیە، لەوەوەیە کە پێیوایە ئەم پەندە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا ڕاستە، لەکاتێکدا هەرپەندێك بۆ مەبەست و لایەنێك دەبێت، نەك گشتگیر بکرێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**بەشی دووەم: کارنامەی پەندی پێشینانی کوردی:**

هەمــوو دەقێــک خــۆی لەخۆیــدا هەڵگــری گوتــارەو خــودی گوتارەکــانیش ڕەنگدانەوەو لەخۆگری کارنامەی دیاریکراو، یان تایبەت بە خۆیانن، بۆیە هەموو جۆرێکی ئەدەب، خـاوەنی کارنـامەیەکی دیـاریکراوی خـۆیەتی، ئەم کارنـامەیەش لای هەر گەلێـک وەک جۆرێـک لە ژیـانی ڕۆشـنبیری سـەیردەکرێت، (سـرحان نمـر، الحکایـة الشـعبیة الفلسـطینیة، بیـروت، المؤسسـة العربیـة للدراسة والنشر، طبعة١ ،١٩٧٤) لەپەنـدی کوردیشدا بەگشتی خاوەنی چەند کارنامەیەکی جیاوازە، لەوانە:

**١. کارنامەی کۆمەڵایەتی:**

ئەم جۆرە کارنـامەیە کە دەیەوێت پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکان و ناسـاندنی ئەم پەیوەنـدیانەدا بخـاتەڕوو، هەر مرۆڤێـک پەیوەنـدی لەگەڵ کـۆمەڵێکی دیـاریکراودا هەیە، بەهــۆی ئەمەشــەوە ئینتیمــای هەیە بۆیــان، هەر لەبەرئەمەش مــرۆڤ بە سروشــتی حــاڵ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە هەموو کۆمەڵگەیەک لە چەند خێزان و گروپێک پێکهاتووە و هەموشیان چەند پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کۆیکردوونەتەوە، وەک دەڵێت:

*دوشمنی ناوخۆت ڕەگ دەردەکێشێ          دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵێشێ*..........ل٩

دەیەوێـت ئەو کارنـامەیە بناسـێنێت مرۆڤەکـان تەواوکەری یەکتـرن، نەک دژ بەیەکتر لەکۆمەڵگەدا، بۆیە دروستکردنی دەوڵەتەکانیش لەسەر بنەمای بەهێزکردنی پەیوەنـدییەکانە، بەڵام ئەوەی ئەم پەیوەنـدییە بەهێـزە دەشـکێنێت لە دەرەوە نیـیە، بەڵکـو لاوازی کارنـامەی تـاکە کەسـە لاوازەکـانە، کە نازانێـت ئەرکیـان لەنـاو کـۆمەڵگە و حکومەت.....تاد چییە؟

یاخود دەڵێت: *لەهەموو هەورێ باران نابارێ        ڕاز کەوتە زارێ ڕاست کەوتە شارێ*...........ل٩

شاعیر دەیەوێت بڵێت ئەنجام لەسەر بنەمای پێشبینی نایاتەدی، بۆیە ئەو شتەی کە دەتەوێـت بە ڕازی بمێنێـتەوە، ناشـتنیەتی لە نـاخی خۆیـدا، چـونکە ئەگەر درکانـدت هـیچ بنەمایەکی کاری نییە بۆ پاراستنی ئەم نهێنیەی کە درکانت، یان دەڵێت:

*ئەو کانییەی ئاوت لێخواردەوە بەردی تێفرێمەدە*.................ل٩

پەنـدەکە دەیەوێـت بڵێـت ئەوەی سـودی پێگەیانـدیت، یەکێـکە لەسـەرچاوەکانی بـوونی تـۆ، بـۆیە لە قۆناغێکـدا هەسـتت پێنەکـرد، یـان وات دانـا پێویسـتت پێـی نـیە، ئەوە هەڵەیە، چونکە یەکەم سەرچاوەی بوونی تۆبوو، ئەو بوونەت بەردەوام پێویستی بە نوێبوونەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

هەیە، دەبێت هەر بگەڕێیتەوە سەری، یان مرۆڤ نابێت بێ ئەمەک بێت بەرامبەر بەو شتانەی سودی پێدەگەیەنێت، یان دەڵێت:

*گەورە کە یەک بن میللەت سەردەخەن        ئەڵێن دوو ڕێویی شێرێک کەوڵەکەن*......ل٩

شاعیر دەیەوێت بڵێت هەموو کات بەهێزی، تاکە هۆکاری سەرخستن نییە، بەڵکو ئەوە پێکەوەیی یەکبوونە مرۆڤەکان سەردەخەن، نەک هێز، یان دەڵێت:

*ئیشت بەدەست بێ هیوات لێدەکەن        دار کە بەریگرت پەلی پیا دەدەن*........ل٩

دەقەکە مەبەستییەتی ئەوە بخاتەڕوو، خەڵک بۆیە پێیخۆشە پلە و پۆستێکت هەبێت، بۆئەوەی خزمەتیان بکەیت، ئەگەر خزمەتیان نەکەیت، دواجار ناچارن بەهێز پێتبکەن، وەک چۆن دار ئەگەر بەرەکەی نەبەخشێت بائاسانی بە خەڵکی، ئەوا بە لەقە لێیدەدەن، بۆئەوەی بەرهەمەکەی ببەخشێت، یان دەڵێت:

*مەعاشی بەلاش بێ پیتەو بێ خێر        دەستی ماندووە لەسەر سکی تێر*........ل١٠

لەم سۆنگەیەوە دەق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە پێیوایە ماڵی با بە با دەڕوات، لەبەرئەوەی بنچینەی کارەکەی نادروستە، بۆیە ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسەکە نییە، بەڵام ئەوەی بەدوای ماڵی حەڵاڵ و خێری بازووی خۆیدایە، بەبەردەوامی دڵخۆشترە، یان دەڵێت:

*دێی فرە کوێخا ناحەسێتەوە        بزن هەر جارێ دەڕووتێتەوە*..........ل١٠

پیرەمێرد پێیوایە کە لە کار و بەڕێوەبردندا سیاسەت و پلان و بڕیاری مەرجەعیەتن، نەک خۆبەخۆیی، چونکە بزن خۆی نە گۆشتێکی وای هەیە نە خورییەک، بۆیە هەر یەکجار دەتوانێت فەرمانەکانت جێبەجێبکات، یان:

*گوێی ڕانەکێشی زۆر کەس بێگوێیە        کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە*..............١٢

شاعیر دەیەوێت بڵێت کە هەرکەسە و زمانی دواندن و مامەڵەی جیاوازە، بۆیە ئەوانەی کە لاسارن، دەبێت بەزمانی زبر و لێدان بیانهێنیتەوە سەر ڕێگە ڕاستەکە، یان دەڵێت:

*لەڕووی جیهاندا تۆ وەرە پاک بە        ئەوسا لەوتەی خەڵکی بێباک بە*........ل١٣

هەر مرۆڤێک خۆی لەناخ و کاردا پاکبێت، هیچ کاتێک لە قسەی خەڵکی ناترسێت، چونکە قسەکان کاتین و وەک کەفی سەر دەریا وان و دەڕۆن، بۆیە دەبێت مرۆڤی ڕاست بێباکبێت لە قسەو واتەوات، چونکە دواجار ڕاستی دەردەکەوێت و بەهۆی وەڵامدانەوەشەوە ئەوەندەی تر بەرزدەبێتەوە، یان:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

*بێ کاسپییە ئەم شەڕو خاڵە        دیارە تەبەقی پڕ ئاشتیماڵە........ ل١٠*

دەیەوێت بڵێت کێشەکان بەهۆی خواست و پێدایستییەکانەوە سەرچاوەدەگرن، کاتێکیش کە کاروبار هەبوو، ئەم خواستانە دێنەدی، بۆیە شەڕەکان زۆر کەم دەبنەوە، چونکە بەجێهێنانی خواستەکان، ئارامی و ئاسایشی خێزانی دابیندەکات، یاخود دەڵێن:

*لە قاپی نامەرد مەدە (دەق ولباب)        بێ گۆشت بە نەوەک منەتی قەساب... ل١١*

دەیەوێت بڵێت مرۆڤ بۆئەوەی کەرامەتی لەکەدار نەبێت، پێویست بەوە ناکات، داوای هاوکاری لە پیاوی نامەرد بکات، بۆیە داوای ناو خێزانەکەت بە شاراوەیی بهێڵیتەوە، باشترە لەوەی منەتی ئەمانەت بە بەردەوامی لەسەربێت، بەشێوەیەک پەشیمانی بەدواوەبێت، یاخود دەڵێت:

*هەرچەند دۆست لەلات وەک براو کەسە        هێند ئامشۆی مەکە پێت بڵێ بەسە......ل١٢*

دەقەکە مەبەستییەتی بڵێت پەیوەندییەکان چەندێک بەهێزبن، خۆشەویستی دروستدەکەن، بەڵام نابێت بگاتە ئاستێک ئارامی خێزانەکان تێکبدات، بە ماناکەی تر هەموو خێزانێک خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، جگە لە خێزان بۆ هیچ کەسێکی تر نییە، لەم هێڵە نزیک بێتەوە، بۆیە بەرپرسیارێتی ئاکاری ڕێگە بەم کارە نادات، ئەگەر ئەم هێڵە تێنەپەڕێنین، چاوەڕێی ڕێگری لێکردن بکە، یان

*هەم پیاوی دنیا، هەم پیاوی ڕێی خودا        وەک(یارۆی) ناوجۆ لەهەردوولا دەخوا.........ل١٤*

هەندێک کەس هەن لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان، هەموو ڕێگەیەک دەگرنەبەر، لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان، بۆیە پیاوی خۆویست و بەرژەوەندیخواز گوێ بە دنیا و ئاین نادات و لەهەر شوێنێک پاروی ئەوی لێبێت، کاری بۆ دەکات و دوای بەرژەوەندی دەکەوێت، یاخود دەڵێت:

*میرات میقرۆبی شەڕی ئەولادەبێ   ڕەنج دەستکەوتوو ئەدرێ بە بادا.........ل١٥*

ئەم پەندە ئەوە دەخاتەڕوو، کە میرات بۆ ئەولاد دەستکەوتێکی بێ هەوڵدانە، بۆیە ئەو قەدرەی نابێت وەک کەسەکە هەوڵی بۆ داوەو لەخۆی گرتووەتەوە، بۆیە ئەوەی هەتە لە دونیادا بەکاریبهێنە بۆ ژیانی خۆت و ئەو دنیات، ئەوەشی دەمێنێتەوە پێش مردنی خۆت بە منداڵەکانتی بناسێنە و چۆنیەتی پەیداکردنی و پاراستنەکەشیان پێ بڵی، بۆ ئەوەی تا کاتی دابەشکردنی هەم پێوەی ماندوبن، هەم بزانن کە چۆن بەدەستیان گەیشتووە، یان دەڵێت:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

*کەسێ دڵسۆزبێ بۆ هەموو کەسێ     دەرگاشی نەبێ لە دز ئەترسێ*..........ل١٩

کەسی دڵسۆز ئەو کەسەیە بەدەم هەموو کەسێکەوە دەچێت و هاوکاری هەمووان دەکات، ئیدی بێ جیاوازی، خودی دزیش هەر داواکاری هەیە، بۆیە دزێک دزی لە ماڵێک ناکات، کە دەست و دەرگای بۆ هەمووان ئاوەڵابێت، یان:

کچ بە نابەدڵ بۆ پیر چوو بە بووک مێرد بێزار ئەکا شەو بە نووکە نوک

*هانام بۆ تۆیە خوای دەستگیر          نەمکەی بە بووک و بکەومە دەست پیر*......ل ٣٠

ئەم پەندە باس لەو نادادییە دەکات، کە کچان بەزۆر لەبەر مەبەستێکی مادی، یان چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی دەیدەن بە کەسی پیر، بەبێ بیرکردنەوە لەدەرئەنجامەکەی، یان خواست و کە سایەتی ژن، بۆیە لەڕێگەی نوکەنوکی شەوەوە، ئەم پەیام و مافەی کە کچەکە هەیەتی و کەس حسابی بۆ نەکردووە، بە ڕاشکاوی دەخاتەڕوو.

### ٢. کارنامەی ڕۆشنبیری:

ڕێکخستنی ژیان دەرئەنجامی کۆمەڵێک بەهاو زانیاری ڕۆشنبیرییە، بۆیە مرۆڤ هەموو هۆکارێکی گرتووەتەبەر بۆ بڵاوکردنەوەیان، یاخود کارنامەی ڕۆشنبیری تاکەکان، بەهۆی ڕەفتار و پەیوەندییەکانیانەوە لەگەڵ دەوروبەر و ژینگەکەی چەند هەڵوێست و هەڵسوکەوتێک وەردەگرین، وەک دەڵێت:

*دڵخۆشی نەخۆش دەرمانی دەردە          خەڵک بێزار ئەبێ لە بگرەو بەردە*... ل ٤١

ئەم پەندە دەیەوێت خەڵکی لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی ڕۆشنبیری، بەوەی سەردانیکردن بەجێهێنانی ئەرکە، بەڵام دەبێت کەم ماوەبێت و بۆ بەرزکردنەوەی ورەی نەخۆش بێت، چونکە بەم هاندان و دڵخۆشکردنە بەرگری لەش بەهێزتر دەبێت، ئەمەش چارەسەی ڕاستەقینەی نەخۆشە، یان دەڵێت:

*زۆرکەس دەبینین دەچێتە بەغدا          هەروەک پەتکە و نابێ بە هەودا*..........ل٣١

ئەم پەندە دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت، گۆڕانکاری جل و بەرگ و گۆڕینی شوێنەکان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی مەعریفی عەقڵییە و دەبێت لەم ڕێگەیەوە کەسەکان بگۆڕێت، یان پێگەو ڕۆڵی بخرێتەڕوو.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### ٣. کارنامەی فێرکاری:

مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لەدایک نابێت، بەڵام لەناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا پەروەردە دەبێت، بۆیە لەگەڵ خێزاندا کارامەیی و زانیاری و بیرەکانی بەدەستدەهێنێت) (خالق.آ. سمیه، وظائف المثل الشعبی فی المنطقه الادراس، مجله علوم الانسان و المجتمع، عدد (١) سدفتمبر، ٢٠١٤، ص١٤٥)یان مەبەست لەو کارنامەیە کە شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەزموونێکی هەڵەوە کردەوەیەک فێری بەرامبەر بکات، بۆئەوەی هەمان هەڵە دوبارەنەکاتەوە، چونکە بەڵگەی ڕووداو، سیاسەت لە بنچینەدا بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا بۆ ململانێی دەستکەوتە، بۆیە دەیەوێت باسی سیاسەت لەگەڵ کەسی سیاسیدا بکات، ئەگەرنا حزبایەتی بەناوی سیاسەتەوە مەکەن، وەک یەکە.

*لەدووی سیاسەت خۆت مەخەرە بەندرێوی قەواڵەی پێبوو، پێستیان کەند* ...........ل٩

یاخود دەڵێت:

*توخن بە پیاوی سەرچەوت مەکەوە        بەدەست قەرز بدە و بە پێ دووی کەوە*............ل٩

شاعیر دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، کارکردن، یان پیاوەتیکردن لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن بێت، نەک بە ناو خێر، چونکە دواجار یان دەبێت لەبیری بکەیت، چونکە خێرت کردووە، یان دەبێت هەربەدوایدا ڕابکەین و ببێتە ناپیاوی، بۆیە ناسین بنەمای کارکردنە لەگەڵ بەرامبەردا.

### ٤. کارنامەی پەروەردەیی:

پەروەردە پرۆسەیەکی بەردەوامە بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی، بەهۆی گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و پرۆسەیەکی لەخۆوە نییە، (سمیه فالق، وظائف المثل الشعبی فی المنطقه الادراس، مجله علوم الاجتماعیه، ص١٤٨)، بەمانایەکی تر خودی پەند بەگشتی و پەندە پەروەردەییەکان وەک قوتابخانەیەکی پەروەردەیی بوون بە درێژایی مێژوو، چونکە ڕۆڵیان هەبووە لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی نەوە جیاوازەکاندا، چونکە لە کۆڕ و کۆمەڵەکان و هەم لە خوێندنگەکاندا بەکارهاتوون و بوونەتە هۆکاری چەسپاندنی بەها مرۆییەکان و سەرچاوەیەکی باش بۆ مامۆستا لە وانەکاندا، یاخود مەبەست لەو پەندانەن، کە دەیەوێت کردەوەیەکی پەروەردەیی فێری بەرامبەرەکە بکات، وەک دەڵێت:

*دوو گوێ و زیانێ دراوە بەتۆدوو        ببیە و یەکێ بڵێ لەسەرخۆ*. ...........ل٩



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەڕێگەی ئەم دوو ژمارەیەوە دەیەوێت ئەوە لای خوێنەر، یان بیسەر بوروژێنێت، کە خودا لە بنچینەدا مرۆڤی بە دوو گوێ دروستکردووە، بۆئەوەی بیسەرێکی باشبێت، یەک دەمت هەبێت، بەڵام بەنیوەی بیستن قسەبکەی، یان دەڵێت:

*وا دامەنیشە بەدەستی بەتاڵ        تا نەگری، مەمک نادرێ بە منداڵ*..........ل ١٠

دەیەوێت ئەوە بە گوێگر و خوێنەرەکەی بڵێت، کە هەرگیز هیچ کارێک بەبێ هەوڵدان و داواکردن نایاتەدی، بۆیە پێویستە دەبێت هەمووان دەستەوەسان نەبن و هەوڵبدەن بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان، لەهەمانکاتیشدا ئەوەمان پێدەڵێت، کە هەموو هەوڵدانێک بەبێ ئاکام نییە، بەڵکو هەرخواستی خۆت بەدەستدەهێنیت، یان دەڵێت:

*بۆ دنیا دەبێت دەست بدەیتە دەست        هیچ کەسێ هیچ کەس ناباتە بەهەشت*..........ل١٣

دەبێت ئەوە بزانین هەموو کەسێک ڕەنج و ماندووبوونی خۆی دەخوات، هەوڵەکان بۆ خودی کەسەکان خۆیانە، هیچ کەسێک ناتوانێت بەرهەمی خۆی بۆ کەسی تر حساب بکات، بەڵکو تەنها هاوکاری هەیە و ئەمەش هەر بۆ خودی کەسەکەیە، بۆیە هەرکەسێک دەبێت هەوڵی بەدیهێنانی ژیانی خۆی بدات، نەک چاوەڕێی کەسی تربکات، یان دەڵێت:

*کردەوەو ئیمان هاتوونە نوشوست        گەورە ئاوی ڕشت، بچوک پێی لێخست*..........ل١٤

ژیان بۆخۆی قوتابخانەیە، کردارەکانیش وتەن، گەورەکانیش مامۆستان، بۆیە کاتێک هەر کردارێک لەبەرچاوی منداڵەکانەوە بکرێت، دەبێتە بەشێک لە کردەی ژیان و وەک بەشێک لە کرداری ڕاست وەریدەگرن، بۆیە دەبێت زۆر بە وریایی ئەم ڕەفتارانە لەبەرچاوی منداڵان ئەنجامبدرێن.

*وەجاخ کوێر ماڵی ئەبەخشنەوەکەر تۆپی ناڵی ئەکێشنەوە*.........ل٢٠

ئەم پەندە ئەو لایەنە پەروەردەییە نیشاندەدات، کە ماڵی خۆت لە خزمەت خۆتدا بەکاربهێنە، یان خزمەتی هاونیشتیمانیانی خۆتی پێبکە، بەم کارە هەم خۆت سودمەندی، هەم هاونیشتیمانیان. هەم پێگەیەك بۆ خۆت دەستنیشاندەکەیت، بەڵام ئەگەر ئەم کارە نەکەیت، ئەوا دوای مردنت ماڵەکەت بەسەر کۆمەڵێکدا دابەشدەبێت، کە هیچ نرخێکی نازانن هیچ بایەخێکی تۆش زیادناکەن، چونکە دەسکەوتەکەیان بەبێ ماندوبوون و لەسەداسەدە.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٥. کارنامەی ئاینی:**

ئەو جۆرەیە کە دەیەوێت یەکێک لە بنەما ئاینییەکان هەم ڕوونبکاتەوە، هەم ڕەنگدانەوەی هەبێت، یاخود ئەو جۆرەیە کەدەیەوێت لەڕێگەی کارو بەرنامەی ئاینی، یان کردەی چاکەکردنەوە کار لەسەر کۆمەڵگە بکات، وەک دەڵێت:

چوار کتێبی خوا چوار پەندی تیایە  کە گوێی لێبگرن وەکو کیمیایە
تەورات وتویە قانع بی تێری زەبور وتویە  بێ دەنگ بێ شێری
ئینجلیش دەڵێ تۆ دەرکەنار بە  لە دڵە خورپەی دنیا ڕزگاربە

*قورئان فەرموویە پشت بە خوا ببەستە     ئەتخاتە ڕێی ڕاست ئەوسا بەستە*... ل ٢٩

ئەم پەندە نمونەی هەر چوار کتێبی ئاسمانی هێناوەتەوە کە لەئێستادا زۆرترین شوێنکەوتوویان هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا تایبەتمەندی هەر یەکەیانی وەرگرتووە، بۆئەوەی ئەوە لای خوێنەر و بیسەر دروستبکات،  کە هەر یەکێک لەم تایبەتمەندیانە، وەک خۆی چێبەچیبکەیت، براوەی ژیانیت، یان دەڵێت:

*سەرمایەت بۆ خۆت، زەکات بۆ خودا     مێو کە ببڕی چاکتر بەر ئەدا*..................ل١٤

دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، کە هەرگیز پارە بە بەخشین کەم ناکات، بەڵکو دەبێتەوە بە هەوڵێکی نوێ بۆ چەندجار زیادکردنەوەی پارەکەت، بۆ ئەمەش نمونەی مێوی هێناوەتەوە، کە چەندێک زیاتری ببڕی ئەو زیاترت پێدەبەخشێتەوە، خوای گەورەش ئەمەی بۆ پاککردنەوە و خۆ نوێکردنەوەی خێر داناوە، یان:

*تۆ چاکە بکە و بیدە بە ئاوا     خەڵکیش نەزانێ لەلای خوا نوسراوە*......ل١٤

ئەم پەندە دەیەوێت ئەو گیانە لای خەڵکی دروستبکات، چاکەکردن پێویستی بە چاوەڕوانی بەرامبەر نەکات، بەڵکو هەموو کارێک بە نیەتی کردنی لەڕێی خودادا بێت، چونکە هیچ کارێک لای خودا بێ پاداشت نییە، بەمەش نە منەت بەسەر کەسەکەدا دەکات، نە بەڕووشیدا دەداتەوە، لە ئەگەری بەدەنگەوە نەهاتنیشی نە باسی دەکات لەناو خەڵکیدا، نە خەمی پێدەخوات، یان:

*کە باوەڕت بێ هیواشت دەبێ     کە بێ باوەڕی چیت دەس ئەکەوێ؟*.........ل١٤

ئەم پەندە دەیەوێت بڵێت، باوەڕداری مرۆڤ هیوادار دەکات، هیواداریش هی مرۆڤێکە بڕوای بە ژیان مرۆڤایەتی هەبێت، لێرەوە دەستکەوتێکی هەم دنیایی، هەم ئەو دونیاش دەبێت، بەڵام بێباوەڕی ژیانت لێدەکاتە چەرمە چۆلەکە و ڕەشبین دەبێت، هەم ژیانی کۆتاییشت لەدەست دەڕوات، یان:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

*کاربەدەست دەستیان هەڵبڕی        کاتێکت زانی خوا نانی بڕی*.................ل١٧

کاتێک کارێکت لە ئەستۆدابوو دەبێت بۆ خزمەت بەکاریبهێنی، ئەگەر نا ڕۆژێک دێت پەشیمان دەبیتەوە لەو دەرفەتەی بۆت ڕەخسابوو، بۆیە کارێک مەک ئیشەکان بەخواستی دیکە بکەی، بەڵکو بەڕاستی و دروستی بیکە تا خوا کارەکەت لێنەسێنێتەوە، یان:

*خوا عەیبی بزنی دەرخستووەڕوو        کەچی کڵاوی کردووە بۆ بەڕوو*............ل٤٠

ئەم پەندە کار لەسەر ئەوەدەکات بەر لەهەر ڕەخنەیەک بیر لە حیکمەتی کارەکە بکەوە، ئیدی لێرەوە بڕیار لەسەر شتەکان بدە، بە مانایەکی تر بە ڕوودانێکی سەرپێیی بۆ شتەکان بڕیار لەسەر شتەکان مەدە، یان:

*دەڵێن ڕەمەزان لاقێکی هەیە        کێ دێ بزانێ سێ لاقی هەیە*.............ل٣٣

ئەم پەندە بەهۆکاری دروستکردنی گیانی ورەو بەردەوامی لای کەسی ڕۆژوگر بەکارهاتووە، بەوەی ڕەمەزان لە (سێ) دەیی پێکهاتووەو هەر دەیەیەکی بە یەک قاچ هەژمارکراوە بۆیە کە دە ڕۆژی یەکەم تەواودەبێت، دەیانوت قاچێکمان شکاند، بۆیە بۆ ئەوەی بزانی چەند قاچە، پێویستە بەڕۆژووبێت تا ئەم ڕاستییە بزانێت.

**٦. کارنامەی سیاسی:**

ئەو جۆرەیە کە ئاستی سیاسی و ئەزموونی کەسێك نیشاندەدات لەڕێگەی ڕەنگدانەوەی کاری سیاسییەوە، بۆیە دەبێت بەوردی و لەسۆنگەی حاڵەتەکانەوە کارەکان ئەنجامبدات، وەک دەڵێت:

*پیاوێ دووربین بێ نابێ تەنیابێ        کە دۆستی نەبێ دەستیشی نابێ*........ل ١٩

کەسێك کە سەرجەم ڕوداوەکان بەوردی لێکدەداتەوە، ناکرێ هیچ کەسێك لە خۆی نزیك نەکاتەوە، یان ئامادەسازی نەکردبێت و خەڵکی لە دەوری خۆی کۆنەکردبێتەوە، بۆیە کەسێك دەتوانین هەنگاو بنێت و گۆڕانکاری بکات، کە دۆستی هەبێت، یان دەڵێت:

ئەوەی بە توندی لە جێی خۆی هەستا کاتێك ڕووانی ماندوو بوو وەستا.........ل١٩

ئەم پەندە ئەوەشی لێدەخوێنرێتەوە، هەر کارێك یان پرۆژەیەك ئەگەر بەبێ بەرنامە و کارکردن و خوێندنەوە هەنگاوی بۆ بنێت شکستدەهێنێت، چونکە هەموو کارێکی بەپەلە دەرەنجامی خراپی دەبێت، یان دەڵێت:

*دوژمن بە چاکە ئاشت دەبێتەوە        سەهۆڵ بە ئاوی گەرم ئەتوێتەوە*.....ل٢٩



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەناو سیاسەتدا دۆست و دوژمن بەردەوامبوونی نییە، بۆیە ئەوەی دەیەوێت لە ڕێگەی بەرامبەرەکەوە خواستەکانی بهێنێتەدی، دەبێت سیاسەتی لەگەڵ بکات، بۆیە چەند هەنگاو هەن کە لەڕواڵەتدا هەڵەن، بەڵام دەرئەنجامێکی باشیان هەیە، یان دەڵێت:

پێکەوە نارۆین لەڕیی ڕاستەوە  خوا ئەوە بگریّ شاری گواستەوە

بناغەی ئێرە ساڵی دوو سەدە  وادەرەکەویّ خاکەکەی بەدە

ئەگینا کە شار قەڵاچوالان بوودوانزە سوارەیان مەردی مەیدان بوو

*ئێستاکە مەیدان بەسەر و گوێلاکە          هەر مرمرە شەڕی سەر لاکە.....ل ٢٩*

ئەم پەندە دەیەوێت بڵێت هەموو شتەکان ڕووبەڕووبوونەوەی هێزێکی چەوساوە و هەژار و ئایندارەکانە، کاتێک لەڕێگەی شارەوە خۆشییەکانی ژیان دەبنە هۆکاری لاوازی مرۆڤەکان، بۆیە شار وەک نەهێشتنی کلتور و خێڵ... تاد، لەهەمانکاتدا دەبێتە یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازکردنی شۆڕشگێڕەکان، یان دەڵێت:

*دوای تەنگانەی زۆر ئازادییە          (ش)شین زۆرجار (ش)ی شادییە....ل٢٧*

هەموو ناخۆشی و سەختی و ستەمێك كۆتاییەکەی شادییە ،بۆیە شین شادیشی هەیە بەو مانایەی هیچ شتێك بەبەردەوامی لەلوتکەدا نامێنێتەوە، بەڵکو شۆڕبوونەوەش هەیە بۆ پێچەوانەکەی.

### ٧. کارنامەی تێکەڵ:

مەبەست لەو کارنامەیە کە دەتوانرێت لەچەند ڕێگەیەکەوە کار لەسەر کۆمەڵگە بکەیت، یان مەبەست لەوکارنامەیە کە لە پەندێکدا دەتوانین بەچەند شێوازێک، کارنامەی جیاوازی لێبخوێنینەوە، بۆ نمونە:

*دوومەڵان بۆیە پێی دەڵێن زۆڵە          بەبێ تۆو دەرویّ لەو دەشتە چۆڵە.... ل٤١*

لەرووی کۆمەڵایەتییەوە شتە نادروستەکان بەبێ سەرچاوەن و بە نا ئاشکرا  ئەنجامدەدرێن، بۆیە دوومەڵانیش بەهەمان شێوە، بەهۆکاری سروشتی دەرویّ و دورە لەدەست و سەرپەرشتی مرۆڤ، بۆیە وا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

لەرووی سیاسیەوە هەرکارێک کە نا ئاشکرا و بوونی ئەجێندا بکریّ، کارێکی نابەجیّ و بەتاڵ و بێ ئاکامە.

*یان: کەرەکەی عیسا بێ نمەکە بڵێن گۆڕاوە تۆ باوەڕ مەکە*

*زەمانەی عیسا و موسا بەسەرچوو ڕووی درۆزنی تێدا ڕەش ئەبوو.....ل٤٢*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لێکدانەوەی ئاینی و لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی، بەوەی ئەوەی لە بنچینەدا بێگوێ و کەم فام بێت، سەر بەکێ و لای کێ و قوتابی کێ بێت، هیچ شتێک نایگۆڕێت، ئەوکاتانە درۆزن بە ئاسانی دەردەکەون، چونکە هەمووان ڕاستگۆبوون، کۆمەڵگە ئاستی هۆشیاری بەهێزنەبوو، بەڵام ئێستا کۆمەڵگە پێشکەوتووەو چەندین هۆکار هەن بۆ شاردنەوەی ئەمانە، یان:

*دەوڵەمەند پارەی بە کەس نەداوە      پارە پەرستی ئەروا بەدواوە...* ل٤٧

ئەمەش بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی دروستە، واتە دەوڵەمەند بەبێ هۆکار پارەنادات بە کەس، ئەوەش دوایکەوتووە خۆی لە بنچینەدا بەبێ هۆ نییە، بەڵکو لەبەر پارە پەرستی دوایکەوتووە کە شتێکی دەستکەوتووە، یان دەبێ لە بەرامبەردا کارێکی تری بۆ بکات، لەڕوانگەی سیاسییشەوە ئەوانەی دوای حیزب دەکەون بۆ مەرام و دەستکەوت بە دواوەین، ئەگەرنا حزبایەتی بۆ خزمەتکردنە، نەک خۆ دروستکردن و بونیادنان و پێگەیاندن، یان دەڵێت:

*بیستوومە وردە مەئمور دەرئەکرێ      بەڕە هەر لەلای تەنکی ئەدڕێ.....*ل٢١

دەتوانین ئەم پەندە لە چەند ڕوانگەیەکەوە لێکیبدەینەوە، یەکێك لەو ڕوانینانە ڕوانینێکی ئابوری و کارگێڕییە، بەوەی بەردەوام کەسە هەژارەکان دەبنە قوربانی چ لەکار، چ لەژیاندا، بۆیە ئەم هەنگاوەش هەر هەژارەکان دەگرێتەوە، یان لەکوی گرفت، یان لاوازیت هەبوو، لەوێوە گرفتت بۆ دێتەپێش، یان دەڵێت:

*تا نەبارێنی باخ گەشە ناکا      تا نەگارێنی مر هێلکە ناکا.........*ل٢١

هەندێك کردار هەن مەرجن بۆ ڕوودانی کاری دواتر، بۆیە کاری ژیان بەردەوام پێویستیان بە هەندێك هەنگاوە، تا ئەوەی دەیەوێت بەدەستی بگات، بۆیە لەسەر ئەو ئەرکانە هەوڵ و ماندووبوونی خۆیان بەبەردەوامی بێوچان بخەنەگەڕ، یان دەڵێت:

*ئەوەی دەوڵەتی هەر بۆ خۆی دەوێت      خەوی بێ خەفەت نابینێ شەوێ.....*ل٢٢

ئەم پەندە ئەوە دەخاتەڕوو، کاری خۆویستی بەهەر شێوازو ئاڕاستەیەك بکرێ، دەرئەنجامە نێگەتیڤیەکەی ڕاستەوخۆ خودی کەسەکە دەگرێتەوە، بۆیە دەبێت هەوڵەکان بۆ هیوایەکی گەورەو نەتەوەیەك بن نەك بۆ تاك.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

## ئەنجام:

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

١. پەند دەرئەنجامی ئەزموونی کۆمەڵ، یان تاکێکە لە ڕابردوودا، بۆیە هەم تاک هەم کۆمەڵ تێیدا بەشدارن و هی هەمووانە.

٢. هەموو پەندێک هەڵگری کارنامەو شوناس و تایبەتمەندی خۆیەتی.

٣. ئەو پەندانەی کە پیرەمێرد کۆیکردوونەتەوە، تەواوی بوارە جیاوازەکانی لەخۆگرتووە.

٤. مەبەستی پیرەمێرد کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی پەندەکانە، هەوڵێکە بۆ چاکسازی و پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی.

٥. پیرەمێرد بەبێ گوێدانە هیچ بەربەستێک، لەهەموو بوارەکاندا پەندی کۆکردووەتەوە، بۆ ئەم کارەشی دوچاری ڕەخنەبووەتەوە.

٦. پەندەکان مەبەستی چاکسازییان بەسەردا زاڵە، بۆیە لەلایەک دیمەنی مێژوویی و قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵگە پیشاندەدات، لەلایەکی تریشەوە ئاستی هۆشیاری و بیری خەڵکی.


### سەرچاوەکان:

**یەکەم: کوردییەکان:**

١. ح. س. سۆران، زمان، وێژە و فۆلکلۆری کوردی، ئێلێکترۆنیک، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢. سەدرەدین نورەدین، کۆکردنەوەو ئامادەکردن، بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠٠).

٣. د. عبدالقادر محەمەد ئەمین، بنیاتی کارنامەیی لەدەقی نوێی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٤. د.عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، ١٩٧٠.

٥. فایق هۆشیار، مستەفا ساڵح کەریم، مەحمود ئەحمەد، محەمەد نوری ئەحمەد زرنگ، سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغکردنەوە: چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٧.

٦. لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٧. لەڕوسییەوە: میدیا، سەرەتایەکی زماناسی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٨٨.

**دووەم: عەرەبییەکان**

١. أحمد رشدي صالح، الفنون الشعبية، القاهرة. وزارة الثقافة والإرشاد القومي، ١٩٦١.

٢. تودوروف، الأدب والدلالة، ترجمة : د. محمد نديم خشفة ،مركز الإنماء الحضاري، حلب، ط١.١٩٩٦

٣. تودوروف، مفهوم الأدب و دراسات أخرى، سفيتان ترجمة: عبود كاسوحة، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٢

٤. جاك موشالر و آن ريبول، القاموس الموسوعي للتداولية، ت: مجموعة من الباحثين من الجامعات التونسية، ط٢ ،تونس، دار سيناترا، ٢٠١٠.

٥. جان سيرفوني، الممفوظية، ت: قاسم المقداد، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٨.

٦. جون ستوري، النظرية الثقافية والثقافة الشعبية، ت: د. صالح خليل أبو أصبع ود. فاروق منصور، هيئة أبو ظبي للسياحة والثقافة- مشروع "كلمة"، ط١، ٢٠١٤.

٧. د.عبدالقادر عبد الجليل، علم اللسانيات الحديثه، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢.

٨. د.على احمد محمود العبيدى، من مستويات الدلاله اللغويه فى المثل الشعبى الموصلى، مجله و دراسات موصليه، العدد الرابع العشر، الشوال ١٤٢٧ه، تشرين الثانى ٢٠٠٦.

٩. نمر سرحان، الحكاية الشعبية الفلسطينية، بيروت، المؤسسة العربية للدراسة والنشر، طبعة ١٩٧٤.

١٠. طة عبد الرحمن، المسان والميزان أو التكوثر العقمي، طبعة١ ،المركز الثقافي الوبي،الدار البيضاء، ١٩٩٨.

١١. العياشي إدراوي، الاستلزام الحواري في التداول اللساني، ط١ ،الجزائر، منشورات االختالف، ٢٠١١.

١٢. فوزي العنتيل، بين الفولكلور و الثقافة الشعبية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ،١٩٧٨.

١٣. محمد حسين، الاسلام و نالحظاره العربيه، دار فرقان،٢٠٠٨.

١٤. محمد عبد المنعم خفاجي، الأدب الجاهلي دار الكتاب، ٢٠١٦.

١٥. محمد عزام، النقد والدلالة، نحو تحليل سيميائي للأدب، منشورات وزارة الثقافة ،دمشق، ١٩٩٦ .

١٦. محمود ذهنى، الادب الشعبى العربى، مطبوعات جامع القاهره، الخرطوم، السودان، ١٩٧٢.

١٧. منذر عياشي، اللسانيات والدلالة، مركز الإنماء الحضاري، حلب، ط١، ١٩٩٦ .

١٨. نبيل علقم، مدخل لدراسة الفلكلور، البيرة، منشورات جمعية إنعاش الأسرة، الطبعة الثالثة ١٩٩٣

**سێیەم: نامەکان:**

١. الصوره الشعريه فى الشعر الموريتانى، غازى على، رساله ماجستير، ٢٠٠٢.


## اللغة و المعنى في حكم پيرەميرد


**الملخص:**

الحكم هي إحدى النصوص الفلكلورية لكل قوم. فلكلورية الحكم هي إنعكاسها في تجارب الحياة، و رسالتها و معانيها تقلل من الوقت المأخوذ لمن يفهمه. اللغة في الحكم هي مختلفة من اللغة الشعرية، فاللغة الحكم هي إنعكاس للمجتمع و الزمن و تدل على مستوى و تجربة و نمو المجتمع، و معانيها هي رحيق تجربة قوم ما على مر التأريخ.

هذا البحث يعمل على معاني و حكم پيرەميرد من حيث تحليل المعاني و إنعكاس الحكم، و على تحديد لغة و مستوى و نوعية لغة الأمثال و و إنعكاسها في حكم پيرەميرد....



**الكليمات الدالة:** *حكم، المعنى، وظائف، التاثير، النص*


## Language and meaning in the aphorism of Piramerd


**Abstract:**

Aphorism is one of the folkloric texts for every people. The folkloric aphorism has reflections on life experiences, and its message and meanings reduce the pondering time for those who understand it. Aphorism language is different from poetic language, the language of aphorism is a reflection of society and time, and indicates the level, experience and growth of society, and its meanings are the nectar of the experience of a people throughout history



**Keyword***: Aphorism, Meaning, Functions, Impact, Text.*